سەماحەتی حەکیم.. بەڕێز مەهدی حەکیم بە دڵسۆزی بە خودا و دوور بینی ناسراو بوو داوا لە لووتکەی ئیسلامی دەکەم یەك هەڵوێست بەرامبەر غەززە و ڕاگرتنی شەڕ و هێنانە ناوەوەی یارمەتی وەربگرێت

لەو کۆنگرەیەی کە سەنتەری عێراق بۆ توێژینەوە بۆ یاد و باسکردنی عەلامە و شەهید بەڕێز شەهید محەمەد مەهدی حەکیم (نهێنە پارێزراو بێت) ئەنجامدرا، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی ستایشی دیاری کردنی ئەو کەسایەتییە گەورانەی کرد بۆ ئەوەی ببنە ناونیشانی کۆنگرە و کۆڕو کۆبوونەوەکان بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بەهای ئەو کەسایەتی عەلمانییانە و جیهادییانە بزانن، ڕوونیشی کردەوە کە زانای گەورە بەڕێز محەمەد مەهدی ئەلحەکیم کەسایەتییەکی زۆر کاریگەر بووە و چەندین سیفاتی گرنگی تێدا هەبوو، ئەو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە عێراق و بە دڵسۆزی بۆ خودای گەورە ناسراو بوو، ئەو هیچ پێگەی خۆی لەنێو پرۆژەکە بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵکو سەرکەوتنی پڕۆژەکەی لە هەموو شتێك زیاتر بەلاوە گرنگ بوو، ئەو دوور بین بوو لەدیاری کردنی ئامانەکان و دیاری کردنی ڕێڕەو، ئەو توانایەکی سەیری بۆ خوێندنەوەی پێشوەختە هەبوو لەچاو هاوکوفەکانی زۆر پێشکەوتوو تر بوو.

سەماحەتی ڕوونیشی کردەوە کە شەهید حەکیم خاوە کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و توانایەکی گەورەی لە گوتار گوتن هەبوو، هەروەها ڕەوشتێکی بەرز و وەرەیەکی بەرزی هەبوو و سوور بوو لەسەر ئەوەی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، هەروەها شەهید مەهدی ئەلحەکیم کەسێك بوو بایەخی بە دامودەزایەکان دەدا لەهەر شوێنێك بوایە پڕۆژەیەکی دامودەزگایی ئەنجامدەدا، مینبەر و بەنەکانی دەقستەوە بۆ ئەوەی پڕۆژەکەی و بەرگریکردن لە ئیسلام بگەیەنێتە خەڵك بۆیە لە دوبەی دیوانی وەقفی جەعفەری و لە لەندەنیش ڕابیتەی ئەهلی بەیتی جیهانی دامەزراند، هەروەها چەندین ڕیکخراوی مافی مرۆڤ و حەوزە و حوسەینییەی لە عێراق و ناوچەکە و جیهان دامەزراند ، هەروەها باوەری بە کرانەوەی کۆمەلایەتی زیاتر بەڕووی ناوچەکە و جیهان هەبوو، دووپاتیشی کردەوە کە بەڕیز مەهدی حەکیم دیاری کردبوو کە حیزبی بەعس بریتیە لە هێزێکی تایفی و هیچ دید و پرۆژەیەکی نییە، بۆیە بەعس بەرەنگاری بووەوە و کردی بە ئامانج و ئینجا لەدوای ئەو مەرجەعییەی ئیمام حەکیمی باوکیشی (نهێنی پارێزراو بێت) کردە ئامانج ، بۆیە لەکۆتایی لە خەرتوومی پایتەختی سوودان تیرۆری کرد.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی فەلەستین سەماحەتی حەکیم داوای کرد لووتکەی ئیسلامی یەك هەڵوێستی هەبێت و داوای ڕاگرتنی دەستدرێژییەکان و هاتنە ناوەی یارمەتییەکان و ئاوەدانکردنەوەی شارەکان بکات، دووپاتیشی کردەوە کە دوو روویی لە پێوەرەکانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە مافی مرۆڤ و مافی دەربەین و منداڵ و ئافرەت لە لای ئەوان پەیڕەو دەکرێت و ڕوونی کردەوە کە غەزە سەرکەوتوو دەبێت و بەرد دەبێتە مووشەك و پێشتریش دەکەوێت بە ئەوەی پەرە بە تواناکانی بدات و بەرگری لە خاك وپ رۆژەکەی بکات.